DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.355
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە

**د.رزگار حمەلاو خالد**
بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی/ زانکۆی سلێمانی
rizgar.khalid@univsul.edu.iq

## پوختە:
امانجـی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە زانینـی کێشـەکانی مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتیـەکان لـە بازنـەی سـێیەمی قۆناغی بنـەڕەتی لە تێڕوانینـی مامۆسـتایانی بابەتەکـەوە و پێشـنیاری چارەسـەر بۆیـان. توێـژەر لـە رووی مرۆییـەوە پشـتی بەسـتووە بـە مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لەبازنـەی سـێیەمی قۆناغـی بنەڕەتـی، لـە رووی جوگرافییـەوە سـوود لـە قوتابخانەکانـی ناوەنـدی شـاری سـلێمانی وەرگیـراوە بـۆ سـاڵی خوێندنـی (٢٠٢٠-٢٠٢١). بـە پێـی تایبەتمەنـدی بابەتـی توێژینەکـە و ئامانجەکـەی پشـت بەسـتراوە بـە میتـۆدی وەسـفیی روپێویی.کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە پێکهاتبـوو لـە(١٢٧٨) مامۆسـتا لـە بازنـەی سـێیەمی قۆناغـی بنەڕەتیـی، لـە ناوەنـدی پارێـزگای سـلێمانی، بەپێـی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی پـەروەردەی سـلێمانی، لـەو ژمارەیـە(٤٢٪) لـە رەگـەزی نێـر و(٥٨٪) لـە رەگـەزی مـێ بـوون، نموونـەی توێژینەوەکـە پێکهاتـوە لـە (١٢٠) مامۆسـتا (٤٥) لـە رەگـەزی نێـر، (٧٥) لـە رەگـەزی مـێ، واتـە (٣٨٪) لـە رەگـەزی نێـر و (٦٢٪) مـێ بـوون، بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی سـادە هەڵبژێـردران، توێـژەر هەسـتا بـە ئامادەکردنـی ئامرازێک(فۆرمـی راپـرسی) وەک یەکێـک لـە ئامـرازەکانی کۆکردنـەوەی زانیـاری، کـە (٥) بـوار و (٤٠) برگـە لـە خـۆ دەگرێـت، بـۆ دڵنیابـوون لـە راسـتیی و شـیاویی ئامرازەکـە، توێـژەر هەسـتا بـە دابەشـکردنی بەسـەر ژمارەیـەک لـە شـارەزایان و پسـپۆڕان، دوای گەڕاندنـەوەی فۆڕمـەکان بڕگـەکان بەڕێـژەی (٨٥٪) راسـتگۆیی و متمانەی پسـپۆڕانیان بەدەسـت هێنـا، بـۆ دەرهێنانـی جێگیـری ئامرازەکـە شـێوازی دووبارەکردنـەوەی تاقیکردنـەوە بەکارهێـنرا کـە ئەویـش (٠, ٨١) پلـەی جێگیـری بەدەسـت هێنـا. دواتـر بەسـەر نموونـەی توێژینەوەکـەدا جێبەجێکـرا و پاشـان دەسـتکرا بـە بەتاڵکردنـەوە و شـیکردنەوەی وەڵامـەکان بـە بەکارهێنـانی چەندیـن هاوکێشـەی ئامـاری وەک هاوکێشـەی کۆپـەر، پێرسـۆن، ناوەنـدی شـیاو، کێشـی سـەدی ، لەگـەڵ خسـتنەڕووی ئەنجامـی توێژینەوەکـە وشـیکردنەوەیان. دەرەنجامـی توێژینەوەکـە پشتبەسـت بـە ئەنجامـە ئامارییـەکان، کێشـەکانی مامۆسـتایانی بەڕێـژەی جیاجیـا دەرخسـتووە بەپێـی پەیوەندییـان، وەک: (٨,٦٢٪) کێشـە ئیدارییـەکان، (٨,٦٢٪)ناوەڕۆکـی بابەتەکـە، (٥٦٪)هـۆکار و ئامـرازی فێرکاریـی، (٥٩٪) خـودی مامۆسـتایان، (٣٢,٥٩٪) خوێندکاران. لێکەوتەکانـی ئـەم ئەنجامانـەش بووەتـە هۆکارێـک بـۆ بێبەهاکردنـی بابەتەکـە و درێژەکێشـانی خراپـی پەیوەنـدی نێوان ئیدارە و مامۆسـتایان، زیانگەیانـدن بـە خوینـدکاران و مانـەوەی کێشـەکان وەک خۆیـان. لـە کۆتایـی توێژینەوەکـەدا توێـژەر چەنـد ڕاسـپاردە و پێشـنیارێکی خسـتۆتەڕوو.

**کلیلە وشەکان: کێشەی مامۆستایان، بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندنی بنەڕەتیی، هاوکێشەی کۆپەر، هاوکێشەی پێرسۆن**

Recieved: 21/10/2023
Accepted: 5/11/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئەگەر بڕیار بێت ناوەندەکانی خوێندن و لە نێویاندا پیشەی مامۆستایی، چالاکی و ئەرکێکی بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بەئامانجە خواستراوەکان ئەوا پێویستە لەگەڵ تەواوی ئەو بوارانەدا مامەڵە بکەین کە دێنە بەردەمی مامۆستایان بەخودی کێشەکانیشیانەوە، هەروەها لە تەواوی رووەکانەوە تێڕوانینمان هەبێت بۆ ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانی مامۆستایانن و کارلێکیان ئەبێت لەگەڵ ئیدارەی قوتابخانەکان، بەشداری خوێندکاران و بوونی هاندان و پاڵنەر بۆ چالاکی بەردەوام، سەرچاوەی گونجاوی بەردەست لە شێوەی ئامرازی فێرکاریی و پرۆگرامی باش و پێداویستییەکانی بەهێزکردنی وانەوتنەوە. (رمضاني،٢٠١٥:٣٢)

بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت بە رۆڵی خۆی هەڵسێت لە پرۆسەی فێرکارییدا، پێویستی بەدابینکردنی کۆمەڵێک بنەمای سەرەکیی ئەبێت کە شێوازێکی ستانداردیان وەرگرتووە، لەشێوەی ژینگەی فێرکاریی گونجاو، پاڵپشتی ئیداریی، پرۆگرامی نوێ و پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی رەسەن و نوێ، خولی راهێنانی بەردەوام تاوەکو کارامەیی تەواویان هەبێت لە وانەوتنەوەدا و شارەزای میتۆد و مۆدێلە نوێیەکانیی وانەوتنەوە بکرێن. (عمومن و معمري،٢٠١١:٢٧٤).

توێژەر لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە وەک مامۆستایەک و ئاگادار لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان، مەبەستی بووە کە لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشک بخاتە سەر لایەنێکی گرنگیی ناو ناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغێکی گرنگیی خوێندن و بابەتێکی گرنگ بۆ داهاتووی خوێندکاران و تەواوی کۆمەڵگەی کوردیی، بەتایبەت کە ئەم توێژینەوەیە جەخت ئەکاتەوە لەسەر کێشەکانی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان، وەک بابەتێکی گرێدراو بە رابوردوو و ئێستە و داهاتووی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەوە، بەو پێیەی بابەتەکە پەیوەستە بە مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانییەوە.

## بەشی یەکەم:

### ناساندنی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە:

لە کاتی پرۆسەی خوێندن و وانەوتنەوەدا مامۆستایان رووبەڕووی چەندین کێشە و ئاستەنگ ئەبنەوە، کە کاریگەری نەرێنیی لەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردە و وانەوتنەوە ئەبێت، ئەم کێشانە رێگریی ئەکەن لە گەیشتن بەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە مامۆستایان و ناوەندەکانی خوێندن مەبەستیانە، کێشەکانی پەیوەست بە پرۆسەی وانەوتنەوە لە زۆر لایەنەوە جۆراوجۆرن، هەندێکیان پەیوەستن بەخودی مامۆستاوە، واتە مامۆستا خۆی هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکەیە، لەکاتیکدا بەشێکیان پەیوەندییان بە خوێندکاران و ژینگەی پۆلەوە هەیە، هەروەها یاسا و رێساکانی پەیڕەوکراو لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن. (الأفندي،٢٠١٤:٥)

هەریەک لە توێژینەوەکانی(حمد الله ،٢٠٠٥)، (برکات،٢٠٠٩)، (الأفندي،٢٠١١)، ئاماژە بەو کێشە و گرفتانە ئەکەن کە رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتیی ئەبنەوە.

لە ناو پرۆگرامەکانی خوێندندا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی گرنگ ئەبینێت لە پێگەیاندنی خوێندکاران لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا، بە جۆرێک جگە لەوەی شارەزایان ئەکات لە زانستە جوگرافیایی و مێژووییەکان، هەروەها بەهۆی بابەتی پەروەردەی نیشتمانیی و مرۆییەوە تاکەکان رائەهێنێت لەسەر پابەندبوون بە بنەما کۆمەڵایەتییەکان و ئینتمای نیشتمانیی و بەها و تایبەتمەندییەکانی کلتور و فەرهەنگ و رۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی،

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایانی ئەم بابەتە هەمیشە گازندەیان هەیە لەوەی کە زۆر جار کێشەی جۆراوجۆریان روبەڕوو ئەبێتەوە.

توێژەر لەرێگەی راپرسییەکی سەرەتاییەوە پرسیاری ئاراستەی (٣٠) مامۆستا کرد، کە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان ئەڵێنەوە، لەپرسیارنامەکەدا داوایان لێکرابوو کە هەرکێشەیەک دەربارەی بابەتەکە و کێشە گشتییەکانی مامۆستایان رووبەڕوویان ئەبێتەوە ئاماژەی پێ بکەن لەگەڵ دەستنیشانکردنی پێشنیاری چارەسەر بۆ هەریەک لەکێشەکان لە تێڕوانینی خۆیانەوە، بە بۆچوونی ئەوان کێشەکان دابەش ئەبن بۆ چەند هۆکارێکی پەیوەست بە (پرۆگرام، مامۆستا، خوێندکار، ژینگەی خوێندن)، جێگەی ئاماژەیە بۆچوونەکانی مامۆستایان لە دروستکردنی ئامرازە راپرسییەکەدا سوودی لێ بینراوە.

بە پێی ئەو ئەزموونەی توێژەر لەبوارەکەدا هەیەتی، بە تایبەت کە کارلێکی راستەوخۆی لەگەڵ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بۆی دەرکەوتووە کە مامۆستایانی ئەم بابەتە رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت بوونەتەوە بە شێوەی جۆراوجۆر. لە کاتێکدا کە بەردەوام گۆڕانکاری گەورە لە جیهاندا لە بواری پەروەردە و پیشەی مامۆستایەتییدا روودەدەن، کەچی ناوەندەکانی پەروەردە و مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان سودێکی ئەووتۆیان لەو هەموو بەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییانە نەبینیوە، نەک هەر ئەوە بگرە بەردەوام رووبەڕووی کێشەی نوێ ئەبنەوە لە ناویاندا مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی وردتر دەست بخاتە سەر کێشەکانیان و لە ئەنجامدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە :کە ئایا ئەوکێشە وگیروگرفتانە چیین، کە رووبەڕووی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتیی بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی ئەبنەوە لە کاتی وانە وتنەوەدا لە تێڕوانینی خۆیانەوە لە سنووری خوێندنگەکانی شاری سلێمانی؟

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی بەجێهێنانی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئەخەینەڕوو:

- توێژینەوەکە سوودی هەیە بۆ بڕیار بەدەستان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە تاوەکو وەک پێویست هەست بە کێشە وگرفتەکانی مامۆستایان بکەن لە خوێندنگە بنەڕەتییەکاندا.
- سوودی هەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە، تاوەکو هەستن بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- سوود بەخشە بە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بۆ زانینی کێشەکانیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی.
- ئەنجامی توێژینەوەکە یارمەتییدەرێکی باشە بۆ بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگە بنەڕەتییەکان و ئاگاداربوون لەو کێشانەی رووبەڕووی

مامۆستایان ئەبێتەوە بە مەبەستی هەوڵی چارەسەرکردن.

- سوودبەخشە بۆ ئەو توێژەرانەی مەبەستیانە توێژینەوەی زیاتر لەبارەی کێشەکانی مامۆستایانەوە بکەن.

## - ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکە جێبەجێکراوە بە ئامانجی:

- زانینی کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی.
- ستنیشانکردنی رێگای چارەسەرکردن بۆ کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی.

-سنووری توێژینەوە: بوارەکانی سنووری توێژینەوەکە بریتیە لە: بواری مرۆیی کە مامۆستایانی بازنەی سێیەم- پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیی، بواری بابەتی کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی هەمان پۆل، بواری شوێن: قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی، بواری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لەخۆگرتووە.

## -پێناسەی زاراوەکان:

### -کێشە:

- بریتییە لەو ڕێگریانەی کە ڕووبەڕووی مامۆستا ئەبێتەوە لەکاتی فێرکردندا بە بێ لێکۆڵینەوەی زانستیی، بۆ فێربوونی خوێندکار ئەگەر هاتوو گرفت لە توانای مرۆیی یان ماددیی یان مەعریفیی یاخود هەر بابەتێکی تردا هەبێت (أبو عودة، ٢٠٠٤:١٦).

- بوونی گومانە لە بابەتێك یان هاوكێشەیەك یان پرسێك كە پێویستی بە چارەسەرە، بەواتای ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانە دێت كە پەیوەندیدارە بە هەر پێكهێنەر و لایەنێك بەپرۆسەی فێركارییەوە. (حەمەدەمین، ٢٠١٤: ١٦٨)

- پێناسەی توێژەر: مەبەست لە تەواوی ئەو کێشە و گیروگرفتانەیە کە ڕووبەڕووی مامۆستایان ئەبێتەوە لە ناو هۆڵەکانی خوێندندا، لەناویاندا مامۆستایانی بابەتەکۆمەلایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی.

### - مامۆستا:

- کەسایەتیەکی ڕێنمایکەر، ڕێنیشاندەر، ئاسانکارە بۆ هاریکاریکردنی خوێندکاران، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان هەیە، هەروەها بەردەوام وەک کەسایەتییەک پشتی پێ دەبەسترێت تاوەکو خوێندکارەکانی بەڕێگەی ئەودا بڕۆن و سوود لە تواناکانی ببینن.(العفیفي،٢٠٠٩:١١)

- توانای پێشکەوتنی گەلێکە کە ئەرکی بەدەستهێنانی زانست و پاراستنی لەئەستۆیە بەبەراورد لەگەڵ خەڵکانی تردا، چونکە بەرپرسیارێتی مامۆستا بەراورد ناکرێت لەگەڵ خەڵکی تردا لەبەر ئەوەی کاری مامۆستا داهێنانی بیری مرۆڤ و گەشەپێدانی تواناکانییەتی. (حسن، ٢٠١٣ :٢١).

-بابەتە کۆمەڵایەتیەکان:

- یەکێکە لە بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن، کەگرنگیی ئەدات بە چالاکییەکانی مرۆڤ لە ڕابردوو و ئێستایدا و، هەروەها باس لە چارەسەری پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەو کۆمەڵگایەی تیا ئەژیی و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەیەك بە کۆمەڵگەکانی ترەوە ئەکات، بە واتای لێکۆڵینەوە دێت لە پەیوەندیەکانی مرۆڤ و بوارەکانی هەڵسوکەوت و پەیوەندیی بە ژینگەکەیەوە و ئەو کێشانەی لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانەوە پەیدا ئەبن، بابەتەکۆمەڵایەتیەکان مێژوو و جوگرافیا و زانستیی کۆمەڵناسییش ئەگرێتەوە.

(قازی و ئەوانی

تر، ٢٠١٢: ٨)

- بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی خوێندن دائەنرێت، بە هۆی ئەوەی بابەتێکی فراوان و گشتگیرە و کۆمەڵێک زانستیی بواری کۆمەڵگە لە خۆئەگرێت، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتیی لە مێژوو و جوگرافیا ئەدوێت، بەڵام ناوەڕۆکە مەعریفییەکەی ئاوێتەی زانستیی ئابووریی، کۆمەڵناسیی، ڕامیاریی، ئامار و چەندینی تر کراون. (الرکیک، ٢٠١٦،hespress.com).

- پێناسـەی توێـژەر : بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان کـە لـە ئێسـتادا لـە بازنەکانـی دووەم و سـێیەمی قۆناغـی بنەرەتیـدا دەخوێندرێـن لـە قوتابخانەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا، لـە کۆکـراوەی بابەتەکانـی جوگرافیـا، مێـژوو، پـەروەردەی مەدەنـی یـان نیشـتمانی پێـک دێـت، کـە لەڕێگەیـەوە خوێنـدکار شـارەزا دەکات دەربـارەی جوگرافیـا و مێـژووی کوردسـتان و دەوروبـەر، لـە گـەڵ دروسـتکردنی تاکێکـی مەدەنـی و مـرۆڤ دۆسـت.

## بەشی دووەم

### (چوارچێوەی تیۆریی)

### -کێشەی پەروەردەیی:

بـە هـۆی ئـەوەی لـە هەندێـک کۆمەڵـگـە، بـە تایبـەت کۆمەڵـگـەی کوردیـی سیسـتەمێکی پـەروەردە و فێرکردنـی سـەربەخۆ وەک پێویسـت بوونـی نیـە، ئـەوەی ئێسـتا کاری پـێ ئەکەیـن پاشـماوەی سیسـتەمی داگیرکەرێکـی ستەمکارە، ئەتوانیـن بڵێیـن سیسـتەمێکی ناڕوونـە، هەربۆیـە جێبەجێکـردن و جێبەجـێ نەکردنـی وەك یـەك وایـە، دووان و قسـەکردن لەسـەر ئـەم سیسـتەمە ئاڵـۆزە لەوانەیـە پەلکێشـمان بـکات بـۆ نـاو کێڵگـەی بـە میـن چێـنراوی سیاسـەت. سیاسـەتیش بـێ بـارە لـە وڵاتانـی ناوچەکـەدا. بـە مانایەکـی تـر سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکـردن لـەم کۆمەڵگایـەدا سیسـتەمێکی کـەم و کورتـە، چونکـە ئەوەنـدەی هەڵقـوڵاوی بارێکـی سیاسـییە دەیـان ئەوەنـدە دوورە لـە رەهەنـدی زانسـت و زانیارییـەوە. بۆیـە ئاساییە مامۆسـتاش وەک هـەر تاکێکـی تـری ئـەم کۆمەڵگەیـە چەندان کێشـەی رووبـەڕوو ببێتـەوە، بـە تایبـەت ئـەو کێشـانەی کـە پەیوەندییـان هەیـە بـە بـواری پـەروەردە، ئیدارەدانـی پۆلـەوە. (عبدالقـادر، ٢٠٠٥: ٧٨).

### -کێشەی پرۆگرام:

پرۆگـرام یەکێکـە لـە رەگـەزە سـەرەکییەکانی پـەروەردە و فێرکـردن، پرۆگـرام کـۆی ئـەو زانیارییانەیـە کـە بـە پێـی چەنـد بنەمایەکـی تیۆریـی و کردەیـی لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا مامۆسـتا ئەیگوازێتـەوە بـۆ هـزر و بیـر و هەسـتەوەرەکانی خوێنـدکار و لـە حاڵەتـی نەزانینـەوە ئەیگوازێتـەوە بـۆ حاڵەتـی زانییـن، بە واتایەکـی تر پرۆگرام نەخشـەیەکی داڕێژراوە بـۆ شـارەزابوون لـە بابەتێـك لـە ڕێگـەی تەکنیکێکـەوە مامۆسـتا جێبەجێـی ئـەکات و پرۆگرامەکـە بـە باشـترین رێگـەی فێرکـردن ئەگەیەنێتـە هـزری فێرخـواز، هەندێـک جـار تێگەیشـتنی هەڵـە بـۆ پرۆگـرام ئەکرێـت، وا ئەزانرێـت پرۆگـرام تەنهـا ئـەو کتێبانـەن کـە بـۆ بابەتـەکان دانـراون. لەکاتێکـدا پرۆگـرام ئـەو بابەتانەیـە کـە لەنـاو ناوەڕۆکـی کتێبەکانـدان، رێگـەی وتنـەوە و هەمـوو ئـەو هۆکارانـەی کـە مامۆسـتا بەکارییـان ئەهێنێـت بـۆ گەیاندنـی مەبەسـتی ئـەو بابەتانـە، لەوانەیـە یـەك دێـڕی نـوسراو لـەو بابەتـەی کـە دانـراوە بـۆ فێربـوون، چەندیـن کەرەسـتە و ئامێـر و تاقیگـەی بوێـت، بـۆ ئـەوەی بکرێـت بـە یەکەیەکـی فێرکـردن. هـەر لەبـەر ئـەم راستییەیە کـە کاتێـك کتێبێـك بـۆ بابەتێکـی فێرکـردن دائەنرێـت مامۆسـتایانی ئـەو بابەتـە ئەخرێنـە خولـی چـڕ و پـڕەوە تاوەکـو لـە هەمـوو تەکنیکەکانـی جێبەجێکردنـی ئـەو بابەتـە شـارەزا بـن، بـەڵام ئـەوەی پێویسـتە لێـرەدا ئاشـکرا بکرێـت ئـەو وشـکیی و بـێ چێژییـەی کـە لـە بابەتـەکان و رێگاکانـی گەیاندنـدا هەیـە، کـە زۆر سـەختترە لـە پرۆگرامـە کۆنەکانـی حوجـرەکان، چونکـە بابەتەکانـی حوجـرەکان داڕێـژراو بـوون بـۆ ئەزبەرکـردن، فێرخوازەکانیـش توانـای ئەزبەرکردنیـان هەبـووە ئەگینـا حوجرەکانیـان بـە جـێ ئەهێشـت، بـەڵام ئـەم بابەتانـەی کـە ئێسـتا لـە چەنـد کتێبێکـدا کۆکراونەتـەوە، مامۆسـتاشـیان خسـتووەتە ژێـر

پەستانێکی قورسەوە، کە ئەبێت لە بەرگەوە بۆ بەرگ تەواوی بکات. جگە لەوەی کێشە لە کتێبەکاندا هەیە لە رووی ناوەڕۆک و ئامانج لایەنی زانستیی و هونەریی و زمانەوانیی و زۆری تر. (عبدالقادر، ٢٠٠٥: ١٥٥)

## -مامۆستا:

کەسایەتیەکی رێنماییکەر، رێنیشاندەر، ئاسانکارە بۆ هاریکارییکردنی خوێندکاران، بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گۆڕینی رەفتاری فێرخوازان هەیە، هەروەها بەردەوام وەک کەسایەتییەک پشتی پێ ئەبەسترێت تاوەکو خوێندکارەکانی بەرێگەی ئەودا بڕۆن و سوود لە تواناکانی ببینن.(العفيفي،١١:٢٠٠٩)
- توانای پێشکەوتنی گەلێکە کە ئەرکی بەدەستهێنانی زانست و پاراستنی لە ئەستۆیە، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی تردا، چونکە بەرپرسیارێتیی مامۆستا بەراورد ناکرێت لەگەڵ خەڵکی تردا لەبەر ئەوەی کاری مامۆستا داهێنانی بیری مرۆڤ و گەشەپێدانی تواناکانیەتی. (حسن، ٢٠١٣ :٢١).

مامۆستا، تەنها مرۆڤە کە کۆمەڵگە بەرپرسیارێتیی بەرجەستەکردنی فێرکردنی فەرمی خستووەتە ئەستۆی ئەو، بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لێی ئەڕوانێت، چونکە ئەکرێت لەرێگەی مامۆستاوە و بە لێهاتووییەکی بەرزەوە ئەرکی فێرکردن و فێربوونی خوازراو بگەیەنرێتە خوێندکاران. (ابراهيم، ٢٠٠٦: ١٧٥).
سەرجەمی پەروەردەکاران و دەروونناسان لەسەر ئەوە کۆکن، کە مامۆستا کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر خوێندکارەکەی بە جێ ئەهێڵێت، مامۆستا ئەو کەسەیە کە لە پۆلەکەیدا سەرجەم پرۆسە پەروەردەییەکان و رەوتی خوێندن ئاراستە ئەکات. ئەشکرێت زیاتر لەوە بوترێت کە کاریگەریی مامۆستا لە کاریگەری کتێبەکانی خوێندن لەسەر خوێندکار بەهێزترە، چونکە ئارەزووی خوێندکار لەسەر بابەتێکی خوێندن تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە خۆشەویستی خوێندکار بۆ مامۆستای بابەتەکە، هەروەك چۆن رەتکردنەوەی مامۆستاکە و رق لێبوونیی، مانای رق لێبوونییەتی لە بابەتەکەش، لەبەرئەوە کردنەوەی خوێندنگا و زانکۆکان چەندە گرنگ بن، ئەوا جەختکردنەوە لەسەر دەستەی پەروەردەکار و مامۆستایان لەوە گرنگتر و کاریگەرترە، دەروازەی هەر جۆرە چاکسازییەکی پەروەردەییش لە چارەسەرکردن و رێکخستنی شێوازی وانەوتنەوە و ئامادەکردنی مامۆستایانەوە دەست پێ ئەکات(جامل،٢٠٠٠: ٦٨).
دیارە پێناسەی جۆراوجۆر و جیاواز بۆ مامۆستا و رۆڵەکەی لە پرۆسەی خوێندندا کراوە، خودی ئەو جیاوازییانەش لە پێناسەکردنی مامۆستادا، ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی و جیاوازیی روانگەکان لەسەر رۆڵی مامۆستا و پێگەکەی لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردندا.
مامۆستا وەك پیشەش لە سەرجەم کۆمەڵگەکاندا خاوەنی رێز و پێزانین بووە، بۆیە لە دیدی غەزالیی ەوە. (١٠٥٨- ١١١١ز)، پیشەی فێرکردن لە بەرێزترینی پیشەکانە. (خضر، ٢٠٠٦: ٣٨٥).
بەو پێیەی مامۆستا هەڵگری بەرپرسیارێتییە بەرامبەر هاوکاریکردنی خوێندکاران لەرێگەی جیاوازەوە، کەواتە مامۆستایان ئەو کەسانەن کە خاوەنی ئەرکێکی پیشەیی بنەڕەتیین، ئەویش هاوکارییکردنی ئەوانی ترە لەسەر فێربوون و گەشەکردن بە رێگەی نوێ.

(الحيله،٢١:٢٠٠٧).

لەبەر ئەوەشە کە پێویست ئەکات «هەردەم مامۆستا پەیوەندییەکی بابەتییانە لەگەڵ خوێندکارەکانیدا درووست

بـکات، هـاوکات ئەبێـت داناتـر و وردتـر و لێهاتووتـر و دیاریکەرێکـی بەهێزتـر بێـت لـە ئاسـتی خوێندکارەکانیـدا» لێرەشـەوەیە مامۆسـتا بـە «مرۆڤێکـی لێهاتـوو» ناسـێنراوە، چونکـە پێگـە و رادە و ئاسـتی فێربـوون ئەرەخسـێنێت (الزیـادات، ٢٠٠٨: ٦٨).

لـە جیهانـی هاوچەرخیشـدا، زیاتـر لـە هەمـوو کات، رۆڵـی مامۆسـتا گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە و گرنگیـی زیاتـری پەیـدا کـردووە، چونکـە ئەرکەکانـی زیاتـر بـوون و پیشـەی مامۆسـتایی پێویسـتیی بـە توانـا و ئـارەزوو و گرنگییپێدانـی زیاتـر هەیـە، بـە تایبـەت لـە کارلێـك و لێکگەیشـتنیی نێـوان مامۆسـتا و خوێنـدکاردا، لەوەشـدا کـە مامۆسـتا ئەبێـت بـە نموونەیەکـی بـاڵای خوێنـدکار و رۆڵـی کاریگـەر لـە ژیانیـدا ئەگێڕێـت، کلیلـی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکردنـە و رابەرێکـی کۆمەڵایەتییـە و کۆمەڵگـە ئومێـدی خـۆی پـێ سـپاردووە تـا نەوەکانـی ئاینـدەی بـۆ پـەروەردە بـکات و، ئامانجەکانـی فێرکردنـی بـۆ بەرجەسـتە بکات.(ئیبراهیـم، ٢٠٠٧: ٩).

یەکێـک لـە گرفتەکانـی مامۆسـتا ئەوەیـە کاتێـک ئەبێـت بـە مامۆسـتا، نەتوانێـت لـە رووی زانسـتیی و پەروەردەییـەوە وەک پێویسـت تواناکانـی خـۆی بەگـەڕ بخـات و خـۆی پـێ بگەیەنێـت، ئەمـەش هەمیشـە وەک خاڵـی لاوازی مامۆسـتا سـەیر ئەکرێـت، دواتریـش ئـەم لاوازییـە راسـتەوخۆ کاریگەرییەکـەی ئەگوازرێتـەوە بـۆ خوێنـدکار و تـەواوی پرۆسـە پەروەردەییەکە.(البنعلـی، ٢٠٠٤: ٤٤٧).

بەبـڕوای توێـژەر زۆر جـار کێشـەکانی مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لـەوەوە سـەرچاوە ئەگرێـت کـە لای بەرپرسـانی پـەروەردە و تەنانـەت خـودی قوتابخانەشـەوە بابەتەکەیـان وەک بابەتێکـی لاوەکیـی و هەندێـک جـار کـەم بایەخیـش لێـی ئەڕوانرێـت، ئەمـەش ئـەوە ئەگەیەنێـت کـە ئـەم بابەتـە بـە هـۆکاری جۆراوجـۆر بەهـاو گرنگیـی خـۆی نەدراوەتـێ و لایـان نەسـەلمێنراوە.

-مامۆستای سەرکەوتوو

مامۆسـتا لـە گرنگتریـن بەشـەکانی دەروازە فێرکارییەکانـە (مدخـلات)، ئـەو بەرێکـەر و رێکخـەری پرۆسـەی فێرکردنـە، لەبەرئـەوە پێویسـتە لەسـەر مامۆسـتا خاوەنـی چەندییـن لێهاتوویـی نوانـدن و پێشکەشـکردن و پیشـەیی و ئاکاریـی و زانسـتیی بێـت، لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ خوێندنگـە و پرۆگـرام و خوێنـدکار و کـۆی ژینگـەی پەیوەندیـدار بـە پرۆسـەی فێرکـردن و پەروەردەکردنـەوە، بەگشـتی تایبەتمەندییەکانـی مامۆسـتایەکی کارا لەسـەر چەنـد ئاسـتێکدا ئەوەسـتێت:

- پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستای بابەت، پرۆگرام، خوێندکار، و ژینگەی پۆل.
- ئەزمونەکانیی وانەوتنەوە و ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەزمونەکانیی فێرکردن- فێربوونەوە هەیە.
- بوونی پاشخانێکی ئەکادیمیی (یان ئامادەکردنی زانستیی) لای مامۆستا.
- پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستا و خوێندنگە و کۆمەڵگە.

(زیتون، ٢٠٠٤: ٢٨٢).

**بـە وردکردنـەوەی ئـەم پەیوەندییانـە، ئەکرێـت تایبەتمەندییەکانـی مامۆسـتا لـە چەنـد لایەنێکـەوە بخرێنـەڕوو، ئەوانیـش:**

### أ: تایبەتمەندییە جەستەییەکان:

پێویسـتە لـەرووی جەسـتەییەوە تەندرووسـت و خاوەنـی هێـز و چالاکـی پێویسـت بێـت، بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکـە پیشـەییەکانی لـە وتنـەوەی وانەیەکـی سـەرکەوتوودا.

تـا بکرێـت کەموکـوڕی و خەوشـی جەسـتەیی واتـە (خـاوەن پێداویسـتی تایبەت)نەبێـت، وەك گیرانـی زمـان و نابینایـی

و کەڕیی و ..تاد، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگەی گاڵتەپێکردنی خوێندکاران و دواتریش کاریگەری نەبێت لەسەر ئاستی نواندن، وانەوتنەوە، چونکە لەبنەڕەتدا مەرجە لانی کەم مامۆستا لەرووی جەستەییەوە تەندرووست بێت و گرنگیی بە لایەنی روخسار و رەفتار و جوانکاریی و هەماهەنگی جلوبەرگی بدات، چونکە مامۆستا نموونەی باڵایە لە دیدی خوێندکارەکەیەوە.

## ب: تایبەتمەندییە عەقڵی و زانستییەکان:

خاوەنی زیرەکیی و زانیاری پێویست بێت و بشتوانێت ئەو زیرەکیی و زانیارییە بە شێوەیەکی گونجاو بگەیەنێتە خوێندکارەکانی، ئەو وانەیەی کە ئەیڵێتەوە بە باشی و قوڵی شارەزایی تێدا هەبێت، تەنها بەوتنەوە و ئەزبەرکردنی وانەکە کۆتایی پێنەهێنێت، بەڵکو بۆ مامۆستا، بەتایبەت مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بنچینە و سود و گرنگیی و بنەما سەرەکییەکانی وانەکەی بزانێت، بتوانێت لە روداو و زانیارییەکان دەرئەنجام و گشتاندن هەڵێنجێت. (کشرود، ٢٠٠٧: ٤٢).

هەروەها پێویستە مامۆستا لە بابەت و بەکارهێنانی کەرەستەکاندا بەتوانا بێت، زانیاری پێویستی لەسەر شێواز و بنەما هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە هەبێت، لەمەشدا ئەبێت خاوەنی زانیاری و زیرەکیی پێویست بێت، چونکە رێگای وانەوتنەوەی کاریگەر بە بێ زانیاری و توانای مامۆستا و زیرەکییەکەی سودێکی ئەوتۆی نابێت.

مامۆستای زیرەك هەوڵئەدات زانیاری لەسەر دەروون و ئاوەز و ئاراستە و ئارەزوو و ئامادەگیی و توانای خوێندکارەکانی هەبێت، تا بتوانێت لە مامەڵەکردندا سەرکەوتوو و کاریگەر بێت و مامەڵە لەگەڵ کێشە و ململانێکاندا بکات.(حسین،٢٠٠٧: ١٤٤).

## ج: تایبەتمەندییە ئاکارییەکان:

پێویستە بەرادەیەکی پێویست شارەزایی لە بنەماکانی ئاکار و سیاسەت و کۆمەڵناسیی و ئابوورییدا هەبێت، بۆ ئەوەی خوێندکارەکان بە ئاراستەیەکی درووست و سودبەخشدا ببات، چونکە هەریەك لە بنەماکانی ئەو زانستانە هاوکاری باشن لە پەرەپێدانی هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی خوێندکاراندا.

پێویستە مامۆستا نەرمونیان و بەسۆز بێت لەگەڵ خوێندکارەکانیدا، تا خۆشەویستی و توانا و لێهاتووییەکانیان بەلای خواستن و راهێنانەکانیدا رابکێشێت، خۆشی بەدوور بگرێت لە توڕەبوون و هەڵچوون و توندوتیژی و رق. (حراشە،٢٠٠٧: ٥٢).

خاوەنی دانایی و ئەدەب و توانا بێت، ئەمەش بە ئاراستەی مامەڵەکردنێکی باش لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بشکێنێتەوە، متمانە و گرنگییپێدان و خۆشەویستی لەنێوان خۆیی و خوێندکارەکانیدا بچێنێت و لە گەیاندنی پەیامەکەیدا دڵسۆز بێت.

(الجقندی،٢٠٠٨:٣٧٠).

## د: تایبەتمەندییە پیشەییەکان:

- رێز لە رێسا و یاساکانی پیشەی مامۆستایەتیی بگرێت.
- لە بابەتی ئاکارەکانی پیشەی فێرکردن بکۆڵێتەوە و شارەزا بێت.
-ئارەزووی پەرەپێدانی پیشەیی هەبێت و لە وەرگرتنی زانیاری لەسەر پیشەکەی و بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن
بەردەوام بێت.
-پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ خێزانی خوێندکاردا هەبێت.
.-لە بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکاندا خوێندکاران وشیار بکاتەوە.

- هاوکاریی خێزانی خوێندکارەکان بکات و هانیان بدات بۆ ئاراستەکردنی پیشەیی و فێرکردنی رۆڵەکانیان.
- لەگەڵ خوێندکاراندا بەشداری لەو کارە گروپییانەدا بکات، کە خزمەتی ژینگە و بواری گشتیی ئەکەن.
-پێویستە نموونەیەکی باش بێت بۆ رەوشت و بەهابەرزەکان و خۆی بەدووربگرێت لە گومانی خراپی خوێندکارەکانی. -لە پێناو بەرژەوەندی خوێندنگەدا، هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگە و سەرپەرشتیاری پەروەردەییدا بکات.

(الترتوری و

القضاه، ٢٠٠٦:٥٢).

لێرەوە ئەکرێت رۆڵی مامۆستا بەوە دەستنیشان بکرێت، کە پێویستە بە نەرمیی و سازان و نوێکردنەوە و گۆڕان بناسرێتەوە، دیارە ئەم خەسڵەتانەش هاوپەیوەند ئەبن لەگەڵ نوێبوونەوەی زانیاریی و تەکنۆلۆژیا هاوچەرخەکان، چونکە ئەو گۆڕانکارییانە راستەوخۆ لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی خوێندکار و مامۆستا لەگەڵ پرۆگرام و ژینگەی پەروەردەییدا کاریگەرئەبن.

(قطامی

**واخرون،٢٠٠٥:٢٦).**

## -پەیوەندیی مامۆستای کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خوێندکار:

پێویستە مامۆستا زۆر گرنگیی بەپەیوەندیەکانی خۆی بدات و بە پێی راسپاردە و رێنماییە زانستیی و پەروەردەییەکان خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکات و ئەو پەیوەندیانە بکاتە پردێك بۆ گەیشتن بەو ئامانج و مەبەستانەی کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن خەباتی بۆ ئەکات. پێویستە پەیوەندی مامۆستا و خوێندکار لە سەر بنچینەی رێز و خۆشەویستیی و دۆستایەتیی و سۆز و میهرەبانیی دابمەزرێت، ئەم ئەرکەش زیاتر ئەکەوێتە ئەستۆی مامۆستا، چونکە مامۆستا هەڵگری پەیامی زانست و پەروەردە و تێگەیاندن و پێگەیاندنە، بۆیە ئەبێت لەرێگەی پەیوەندیەکانیەوە بتوانێت کاریگەرییەکی ریشەیی و ئەرێنی (پۆزەتیڤ) لە سەر دڵ و دەروونی خوێندکار دروست بکات، و لە کەسێکی پاسیڤەوە (ناچالاك) بیکاتە کەسێکی ئەکتیڤ (چالاك)، لە رەوشی دوورە پەرێزیی و گۆشەگیریی دەریبهێنێ و بیکاتە کەسێکی کۆمەڵایەتیی باوەڕ بەخۆ و چالاك و گورج وگۆڵ.(جگەرسۆز، ٢٠١٢: ٧٥).

هەر بۆیە خوێندکار ئەمانەتێکی خێزان و کۆمەڵگەیە و ئەدرێتە دەست مامۆستا، هەموو دایك و باوکێك رۆڵەکانیان ئەمانەتی مامۆستا ئەکەن، ئەمەش نەك تەنها بۆ مەبەستی فێرکردن، بەڵکو چاویان لەوەشە بەجوانترین شێوە منداڵەکانیان بۆ پەروەردە بکات، بۆئەوەی لە داهاتوودا بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگەکەیان سوودبەخش بن، وەنەبنە بار بەسەریانەوە، پێویستە مامۆستا وەك پەروەردەکارێك، باوکێك یان دایکێکی میهرەبان بڕوانێتە خوێندکارەکانی، دەستیان بگرێت و رێگەی راستییان نیشان بدات، گرنگیی بە کێشەکانیان بدات و بۆیان چارەسەر بکات، سۆز و میهرەبانیی خۆی بەسەر خوێندکاراندا پەخش بکات و دەروونییان ئارام بکاتەوە، بۆ ئەوەی قوتابخانە و خوێندنیان خۆش بوێت و هەنگاو بەرەو سەرکەوتن بنێن. بۆیە ئەبێت مامۆستا لە پاڵ ئەوەی کە فێرکارێکی باش بێت، پەروەردەکارێکی باشیش بێت. پێویستە مامۆستا لە ژیانی خوێندکار دانەبڕێت و خۆی لێ بەدوور نەگرێت، بەڵکو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزی لەگەڵ خوێندکار و خێزانەکەیدا هەبێت، بەتایبەت مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەمە زیاتر کارئاسانی بۆ مامۆستا ئەکات لە رێگەی بابەتەکانی ناو کتێبە کۆمەڵایەتیەکان گرنگیی بدەن بە ناسین و پەیوەست بوون بە جوگرافیا و مێژوو و بنەما سەرەکییەکانی خۆشویستنی نیشتمان ومرۆڤ بوون و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.(محمد،٢٠١١:٢٩).

## -توێژینەوەکانی پێشوو:

١. توێژینەوەی احمد، نوری(٢٠١٩):

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی(ئاراستەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی پسپۆریەکانییان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا) بە بەراورد بەو مامۆستایانەی بابەتی کۆمەڵایەتیی ئەڵێنەوە و پسپۆڕی بوارەکە نین.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفیی روپێویی و تیایدا (١٢٠) مامۆستا لە هەردوو رەگەز وەرگیراوە وەک نموونەی توێژینەوەکە، بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان پشت بە بەرنامەی ئاماری(spss) بەستراوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا هەردوو توێژەر گەیشتوون بە چەند ئەنجامێک لەوانە:

- ئاراستەی مامۆستیانی رەگەزی نێر و مێ بەرامبەر بە پسپۆڕی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکە.
- ئاراستەی مامۆستیانی پسپۆڕ لە بارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئەرێنی ترە لە چاو مامۆستایانی ناپسپۆڕ.
- بوونی بروانامە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

(احمد،نوری،١٢٢:٢٠١٩).

٢.توێژینەوەی عمر (٢٠١٧) :

توێژینەوەکە لەژێر ناونیشانی(کێشەکانی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو لە قۆناغی دواناوەندی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە لە ویلایەتی باکور)دایە.

توێژینەوەیەکی مەیدانییە پێشکەش بە کۆلێجی پەروەردەی مرۆیی کراوە لە زانکۆی دنقلا. ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی ئاستەنگەکانی بابەتی مێژووە لە قۆناغی دواناوەندی لە روانگەی مامۆستایانەوە، توێژەر میتۆدی وەسفیی بەکارهێناوە و (٤٠) مامۆستای وەک نموونە بەکارهێناوە، لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە کەمیی کەرەستە فێرکارییە هاوچەرخەکان و زۆریی بابەتەکانی وەرزێکی خوێندن و بەکارهێنانی رێگە نەریتییەکان لە پرۆسەی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندندا لە رێگرییە سەرەکییەکانی پرۆسەی وانەوتنەوەن.(عمر،١:٢٠١٧).

٣.توێژینەوەی اللمیع (٢٠٠٤):

ناونیشانی توێژینەوەکە(ئەو کێشانەی رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی ئەبنەوە لە دەوڵەتی کوێتدا) ئامانجی توێژینەوەکە بۆ زانینی هەموو ئەو بەربەستانەیە کە دێنە بەردەم مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی، وە ئەبنە هۆکار بۆ دابەزینی ئاستی زانستیی و لێهاتوویی مامۆستایان.

نموونەی توێژینەوەکە پێک دێت لە (٧١٦) مامۆستا لە هەردوو رەگەز لە تەواوی ناوچە فێرکارییەکان لە سنووری دەوڵەتی کوێتدا.

بەشێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتیی بوون لە:

خوێندکارە کوڕەکان زیاتر هۆکارن بۆ درووستکردنی کێشە و گرفت بە بەراورد بە خوێندکارانی کچ.

مامۆستا ئافرەتەکان بەلایانەوە گرانە کە وانە بە خوێندکارە کوڕەکان بڵێنەوە بەتایبەت کە تەمەنییان بەرەو گەورە بوون ئەچێت و بەردەوام کێشە ئەنێنەوە و هەندێکیان ئەبنە هۆی هەراسانکردنیی خوێندکارە کچەکان .(اللمیع،٢٥:٢٠٠٤).

٤. توێژینەوەی البنعلي(٢٠٠٠- قطر):

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (ئاستەنگ و گرفتە پیشەییەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

لە دەوڵەتی قەتەر)، ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی هەموو ئەو ئاستەنگ و گرفتانە بوو کە ئەهاتنە بەردەم مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لە تێڕوانینی خودی مامۆستایان خۆیانەوە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی تێدا بەکارهێنراوە و مامۆستایانی ناوچەی دەوحە وەک نموونە سودیان لێ بینراوە، لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە تێڕوانینی جیاواز هەیە لە نێوان مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێنە بەردەمیان لە بەڕێوەچوونی کارەکانیاندا.(البنعلي، ٢٠٠٠: ٤٢٥ - ٤٨٦).

٥.توێژینەوەی (القحطاني،١٩٩٣) مەملەکەتی سعودیە:

دەرەنجامی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی(هەندێک کێشەی فێرکاریی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی دواناوەندی لە مەملەکەتی سعودیە- ناوچەی ئەبها) ئەوەی دەرخست کە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بەرفراوان تەنها پشت بە بەکارهێنانی رێگاکانی وانەبێژیی و چارەسەری کێشە ئەبەستن و خۆیان دووردەخەنەوە لە بەکارهێنانی رێگە سەردەمییەکانی تر، بەتایبەت ئەو رێگایانەی زیاتر گرنگیی بە خوێندکاران ئەدەن، بەردەوام گرفتییان بۆ درووست ئەبێت، بەشێکی زۆری هۆکارەکەش بۆ نەبوونی ئامرازی فێرکاریی گونجاو و ژینگەی فێرکاریی گونجاو ئەگێڕنەوە. (القحطانی، ١٩٩٣: ٢٧٥ - ٢٩٧).

## -رادەی سوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

توێژەر سوودی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بینییوە لە هەندێ بواردا لەوانە:

سوود بینینی زۆرێک لەو کێشانەی نزیکن لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە، و پێشینەی تیۆریی لێکۆڵینەوەکان، جگە لە رێکارەکان و شێوازی ئامادەکردنی ئامرازەکان و چۆنیەتی دەرهێنانی ئەنجامەکان و ئەو دەرەنجامانەی ئەو توێژینەوانە پێی گەیشتوون.

# بەشی سێیەم:

## رێکارەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا باس لەو هەنگاوانە ئەکرێت کە توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە گرتوویەتە بەر، لە بەکارهێنانی پرۆگرامی توێژینەوە و کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە و چۆنێتی درووستکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و دەرهێنانی راستیی و جێگیریی و جێبەجێکردنی توێژینەوەکە لەسەر نموونەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە.

-پرۆگرامی توێژینەوە:

توێژەر پرۆگرامی وەسفیی رووپێوی بەکارهێنا بۆ زانینی کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی و رێگەی چارەسەرکردنیان، وەک هەوڵێک بۆ وەسفکردنیی بابەتی لێکۆڵینەوەکە و شیکارکردنی زانیارییەکان، پرۆگرامی وەسفیی لە دیاردەیەک یان رووداوێکی هەنوکەیی ئەکۆڵێتەوە لەپێناو گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەبێ دەست تێوەردانی توێژەر. (شفیق، ٢٠٠١:٨٣)

-کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی (٧، ٨، ٩) ی بنەڕەتیی، کە ژمارەیان (١٢٧٨) مامۆستایە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) خشتەی (٣-١)

خشتەی (٣-١)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | کۆمەڵگە(مامۆستا) |
|---|---|---|
| ٪٤٢ | ٥٣٥ | نێر |
| ٪٥٨ | ٧٤٣ | مێ |
| ٪١٠٠ | ١٢٧٨ | کۆی گشتی |

-نموونەی توێژینەوەکە:

نمونـەی توێژینەوەکـە پێکدێـت لـە (١٢٠) مامۆسـتای بابـەتی کۆمەڵایەتیـی لـە قۆناغـی (٩) ی بنەڕەتیـی کـە بەشـێوەی هەڕەمەکیـی سـادە هەڵبژێـردران، (٤٥) مامۆسـتا لـە ڕەگـەزی نێـر، (٧٥) مامۆسـتا لـە ڕەگـەزی مـێ، بەتێکڕا ژمارەیـان ئەکاتـە (١٢٠) مامۆسـتا. خشـتەی (٣-٢)

خشتەی (٣-٢)

نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز

| ژمارە و ڕێژەی سەدی | | ئاستەکان | گۆڕاو |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی | ژمارە | | |
| ٪٣٨ | ٤٥ | نێر | ڕەگەز |
| ٪٦٢ | ٧٥ | مێ | |
| ٪١٠٠ | ١٢٠ | کۆی گشتی | |

-ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

فۆڕمـی ڕاوەرگرتـن ئامرازێکـی گونجـاوە بۆکۆکردنـەوەی زانیارییەکانـی لێکۆڵینەوەکـە. «فۆڕمـی ڕاوەرگریـی لـەو ئامرازانەیـە کـە لـە توێژینـەوەی وەسـفکارییدا زۆر بەکارئەهێنرێـت، بەتایبـەت لـە توێژینـەوە پەروەردەیـی و دەروونییەکانـدا» (کـشرود، ٢٠٠٧، ١٩٩).

توێـژەر پـاش گـەڕان و پشـکنیین بەنـاو سـەرچاوە و توێژینـەوەکانی پەیوەندیـدار بـە کێشـەی توێژینەوەکـە و وەرگرتنـی ڕای پسـپۆڕان و سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیـی بەمەبەسـتی ئامادەکـردنی ئامـرازی توێژینەوەکـە وەک بەشـێک لـە پێویسـتیی دەسـتەبەرکردنی ئامانجـی توێژینەوەکـە، هەسـتا بـە ئامادەکـردنی ڕاپرسـێک لەسـەر کێشـەکانی مامۆسـتایانی بابـەتی کۆمەڵایەتیی لـە خوێندنگـە بنەڕەتییـەکانی شـاری سـلێمانی لـە بازنـەی سـێیەمی قۆناغـی بنەڕەتیـی بەشـێوەی سـەرەتایی، دواتـر ڕاپرسـێکی داخـراوی لـێ درووسـت کـرد کـە (٤٦) بڕگـە بـوو لـە پێنـج تـەوەری جیـاوازدا ئەوانیـش:

| ژ | تەوەری کێشەکان | ژمارەی |
|---|---|---|
| ١ | کێشە ئیدارییەکان. | (٦) بڕگە |
| ٢ | کێشەی ناوەڕۆک. | (١٢) بڕگە |
| ٣ | کێشەی تایبەت بە هۆکارو ئامرازە فێرکارییەکان. | (٨) بڕگە |
| ٤ | کێشەی تایبەت بە مامۆستایان. | (١٠) بڕگە |
| ٥ | کێشەی تایبەت بە خوێندکاران. | (١٠) بڕگە |
| کۆی گشتی | | ٤٦بڕگە |

-ڕاستیی ئامرازەکە (صدق الأداة):

راستگۆیی(صدق)ی پێوەرە واتە، توانای پێوەر بۆ پێوانەکردنی ئەو مەبەستەی کە پێوەرەرکە مەبەستییەتی پێوانەی بکات.

(محمد،

٢٠٠٥: ٣٣٤).

یەکێك لەمەرجەکانی برگەکانی راپرس ئەوەیە راستیی و درووستیی بۆ بکرێت، توێژەر دوای ئامادەکردنی راپرسە داخراوەکە و برگەکانی بەمەبەستی دڵنیابوون لەراستیی رواڵەتیی خستیە بەردەست ژمارەیەك لەشارەزایان وپسپۆڕانی بواری رێگاکانی وانەوتنەوە، پێوانەو هەڵسەنگاندن، دەروونزانی کەژمارەیان (٧) پسپۆر بوون لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتیی (پاشکۆی ژمارە١)، دوای گەڕاندنەوەی ئامرازەکە شارەزایان بەزۆرینە برگەکانی راپرسەکەیان پەسەندکرد بەجۆرێک تەوەرەکان هەر بە (٥) تەوەر مانەوە، بەڵام ژمارەی برگەکان بۆ(٤٠) برگە بەشێوەی کۆتایی مایەوە، ئەم پەسەندکردنە بە پێی هاوکێشەی کۆپەر بەرێژەی (٨٥٪) دیاریکرا، ئەمە لەکاتێکدا (الکبیسی،٢٠٠٧) ئەڵێت: باشترین هۆکار بۆ دڵنیابوون لەدرووستیی هەربرگەیەك کەشارەزایان پەسەندییان کردبێت ئەگەر رێژەی رێکەوتن (٧٥٪) بوو ئەوا ئەو ئامرازە ئامرازێکی درووستە. (الکبیسي، ٢٠٠٧ :٢٥).

- جێگیریی ئامراز (ثبات):

مانای نەگۆڕیی ئەوەیە کە چەند جار ئەو تاقیکردنەوەیە دووبارەو پراکتیزە بکرێت لەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکە، ئەوا ئەبێت هەمان ئەنجام یان نزیک لەو ئەنجامەمان بداتێ. (علام، ٢٠١١:٢٥). هەروەها جێگیریی واتە هاوشێوە بوونێك هەبێت لەتاقیکردنەوەکان ئەگەر هاتوو دووبارە کرایەوە لەسەرهەمان کەسەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەرێگەی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکەوە لەسەر نموونەیەك لەدەرەوەی نموونە ئەسڵییەکەی جێبەجێکرد، کە ژمارەیان (١٠) مامۆستا بوو، ماوەی دوو هەفتە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بوو، پاش بەراووردکردنی وەڵامەکان و بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندیی (پێرسون) دەرکەوت پەیوەندی هەیە لە نێوان وەڵامەکانی مامۆستایان بەرێژەی (٠,٨١)

- جێبەجێکردنی ئامرازەکە:

توێژەر دوای دڵنیابوون لە راستیی وجێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە، هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازەکە لەسەر نموونەی ئەسڵیی توێژینەوەکە، لە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی پۆلی(٩) کەماوەی (١٢) رۆژی خایاند، واتە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٥) تا (٢٠٢١/٨/٢٧)

-هاوکێشەی ئاماری:

ئەم ئامرازە ئامارییانە بەکارهێنراوە لە توێژینەوەکەدا.

- هاوکێشەی کۆپەر (Copper):

$$\text{کۆپەر} = \frac{\text{ژمارەی ڕێکەوتن} - \text{ژمارەی ڕێکنەکەوتن}}{\text{کۆی گشتی}} \times ١٠٠$$

(البهرزی، ١٩٨٩: ٨٢).

- هاوکێشەی پێرسۆن (Pearson correlation coefficient): بۆ دەرهێنانی رێژەی نەگۆڕی ئامرازەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨).

$$\text{ر} = \frac{\text{ن کۆ س ص} - \text{کۆ س} \times \text{ص}}{\sqrt{\left(\text{ن کۆ س}^2 - (\text{کۆ س})^2\right)\left(\text{ن کۆ ص}^2 - (\text{کۆ ص})^2\right)}}$$

- ناوەنـدی شـیاو (وسـط المرجـح): بۆباسـکردنی هەربڕگەیـەك لەبڕگـەکانی ئامـرازی توێژینەوەکـە و زانینـی بەهاکـەی لەچوارچێـوەی هەربوارێکـدا، هەروەهـا بـۆ مەبەسـتی راڤەکـردنی ئەنجامـەکان، ئـەم یاسـایە بەکارهێـنراوە:

ناوەندی شیاو= (د١×٥) + (د٢×٤) + (د٣×٣) + (د٤×٢) + (د٥×١)
───────────────
کۆی دوبارە بووەکان

(صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦).

-

- کێشی سەدی (النسبة المؤیة):

کێشی سەدی = ناوەندی شیاو
───────
٥

# بەشی چوارەم

## ئەنجامی توێژینەوەکە

١.خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنییان:

لـەم بەشـەدا ئـەو ئەنجامـەی توێژینەوەکـە پێـی گەیشـتووە خراوەتـەڕوو، لەبـەر رۆشـنایی ئامانجـی توێژینەوەکـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش توێـژەر ئـەم هەنگاوانـەی پەیـڕەو کـردووە:

- بـۆ دەرهێنانـی ناوەنـدی شـیاوی هـەر بڕگەیـەك، توێـژەر وەڵامـە دووبارەکانـی هـەر بڕگەیـەك لـە بڕگەکانـی ئامـرازی توێژینەوەکـەی بـە پێـی رەهەنـدی (کێشـەیەکی زۆر گەورەیـە، کێشـەیەکی گەورەیـە، کێشـەیە، کێشـەیەکی کەمـە، کێشـەیەکی زۆر کەمـە) بەپێـی هەژمـاری ئـەم نرخانـە (پێنـج) نمـرە دراوە بـە رەهەنـدی یەکـەم کێشـەیەکی زۆر گەورەیـە، (چـوار) نمـرە بـە رەهەنـدی دووەم کێشـەیەکی گەورەیـە ، (سـێ) نمـرە بـە رەهەنـدی سـێیەم کێشـەیە، (دوو) نمـرە بـە رەهەنـدی چـوارەم کێشـەیەکی کەمـە ،(یـەک) نمـرە بـە رەهەنـدی پێنجـەم کێشـەیەکی زۆر کەمـە.

- ناوەنـدی ژمێرەیـی پێنـج رەهەندیەکـە دائەنرێـت بـە (٣) بـەرەو سـەرەوە کـە پێـوەرە بـۆ بەهێزیـی و لاوازیـی بڕگـەکان، کەواتـە ئەگـەر ناوەنـدی شـیاو لـە (٣) گەورەتـر بـوو ئـەوا مانـای بەهێزیـی بڕگەکـە ئەگەیەنێـت، بـەڵام ئەگـەر کەمـتر بـوو ئـەوا ئـەو بڕگەیـە لاوازە.

- ئەنجامـی ئامانجـی یەکـەم: کـە دەقەکـەی بریتییـە لە»زانینـی کێشـەکانی مامۆسـتایانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە بازنـەی سـێیەمی قۆناغـی بنەڕەتیـی» توێـژەر ناوەنـدی شـیاو و کێـشی سـەدی بـۆ بڕگـەکان بەپێـی خشـتەکانی (٤-١ بـۆ ٤- ٥) دیـاری کـرد و ئاسـتەکانیانی بـە پێـی پلـە بەنـدی دەستنیشـان کـرد و شـیکردنەوەی بـۆ ئەنجامـی توێژینەوەکـە بـەم شـێوەیە ئەخاتـەڕوو:

خشتەی (٤-١)

ئەنجامی تەوەری (کێشە ئیدارییەکان) بەپێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و ئاستەکانیان روون ئەکاتەوە:

| ژ | بڕگە | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلـــە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سـپاردنی بابەتەکـە بـە بەشـێک لـە مامۆسـتایان لـە لایـەن ئیـدارەوە، کـە پسـپۆڕ نیـن. | ٢٢٥ | ٢٦٠ | ٦ | ٦ | ٥ | ٤.١٨ | ٪٨٣.٦ | ١ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | دابیـن نەكردنـی هۆڵـی پێویسـت و زۆری ژمـارەی خوێنـدكار لەپۆلـدا. | ٣٥ | ٣٢٠ | ٤٥ | ٢٠ | ٨ | ٣,٥٦ | ٪٧١,٢ | ٣ |
| ٣ | بەكـەم سـەیركردنی بابەتەكۆمەڵایەتییـەكان لـە لایـەن ئیـدارەی قوتابخانـەوە | ٣٥٠ | ٦٠ | - | ٦٠ | ٥ | ٣,٩٥ | ٪٧٩ | ٢ |
| ٤ | دابیـن نەكردنـی خەرجـی بـۆ ئـەو پێداویسـتیانەی پاڵپشـتی بەرێوەچوونـی بابەتەكـە ئەكـەن. | ٢٥ | ٤٨ | | ٦ | ٦٠ | ٢,١٥ | ٪٤٣ | ٥ |
| ٥ | سـپاردنی كاری كارگێـڕی بـە بەشـێک لـە مامۆسـتایانی بابەتـە كۆمەڵایەتیـەكان. | ٢٥٠ | ٢٠ | ٦٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٣,٢٥ | ٪٦٥ | ٤ |
| ٦ | ناهاوسـەنگی لـە دابەشـكردنی خشـتەی وانـەكان لـە لایـەن ئیـدارەی قوتابخانەكانـەوە | ٣٥ | ٤٠ | ٣٠ | ٢٦ | ٨٠ | ١,٧٥ | ٪٣٥ | ٦ |
| | | | | | | | ٣,١٤ | ٪٦٢.٨ | |

بـە پێـی ئەنجامـی زانیارییـەكانی خشـتەی (٤-١) سـەبارەت بـە كێشـەكانی مامۆسـتایانی بابەتـە كۆمەڵایەتییـەكان تایبـەت بـە تـەوەری كێشـە ئیدارییـەكان كـە پێكدێـت لـە (٦) بڕگـە، ناوەنـدە شـیاوی زۆربـەی بڕگـەكان لـە سـەرووی ناوەنـدە ژمێـری سـتاندەر (٣) ئەكەونـە نێـوان (١٨,٤ - ٣,٢٥) و كێشـی سـەدییان لـە نێـوان (٨٣،٦٪ - ٦٥٪) وەک بڕگـەكانی (١، ٢، ٣، ٥) ئەمـەش واتـای ئـەوە ئەگەیەنێـت مامۆسـتایانی بابـەتی كۆمەڵایەتیـی بازنـەی سـێیەمی بنەڕەتیـی كێشـەیان هەیـە لەگـەڵ ئیـدارەی قوتابخانەكانیـان لـە چۆنیەتـی مامەڵەكـردن لەگەڵیانـدا و گرنگیینەدانـی ئیـدارە بـە خـودی بابەتەكـە بـەرادەی پێویسـت، كـە ئەمـەش گرفتـی بـۆ مامۆسـتایان درووسـت كـردووە، جگـە لـە بڕگـەكانی (٤، ٦) كـە ناوەندەشـیاوەكەیان نزمـترە لـە ناوەنـدە ژمێریـی سـتاندەر (٣) كـە ئەكەوێتـە نێـوان (٢,١٥ – ٧٥,١) كێشـی سـەدییان لـە نێـوان (٤٣٪ - ٣٥٪) ئـەوەش واتـای كەمیـی گرفـت دێـت، بۆیـە پێویسـت بـە شـیكردنەوەیان نـاكات.

خشتەی (٤-٢)

ئەنجامـی تـەوەری (كێشـەی تایبـەت بـە ناوەڕۆک)بـە پێـی ناوەنـدی شـیاو و كێشـی سـەدی و ئاسـتەكانیان روون ئەكاتـەوە:

| ژ | برگە | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندی شیاو | كێشی سەدی | پلـە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەگونجـاوی ئـەو ماوەیـەی دیاریكـراوە بـۆ خوێنـدنی بابەتـە كۆمەڵایەتییـەكان لـە سـاڵێكدا. | ١٠ | ١٢٠ | ٩ | ١٤٠ | ١٥ | ٢,٤٥ | ٪٤٩ | ١٠ |
| ٢ | بوونـی هەڵـەی زانسـتیی لـە ناوەڕۆكـی بەشـێک لـە پەرتووكـی بابەتـە كۆ مە ڵا یە تییـە كا ن . | ٣٠٠ | ٢٠ | ٣٠ | ٢٠ | ٣٥ | ٣,٣٧ | ٪٦٧,٤ | ٤ |
| ٣ | بوونـی هەڵـەی زمانەوانیـی و چـاپ لـە ناوەڕۆكـی بەشـێک لـە پەرتووكـی بابەتـە كۆ مە ڵا یە تییـە كا ن . | ٢٥٠ | ٢٠ | ٦٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٣,٢٥ | ٪٦٥ | ٥ |
| ٤ | كەمـی نـاوەڕۆک بـە بـەراورد بـە ناونیشـان و تێگەیشـتن و چەمكـەكانی بابەتەكـە. | ١٥٠ | ٢٠ | ١٢٠ | ١٠ | ٤٠ | ٢,٨٣ | ٪٥٦,٦ | ٨ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | نـاڕوونی هەندێـک لـە چەمـک و زاراوەکانی ناوەڕۆکـی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان. | ٣٥ | ٣٢٠ | ٤٥ | ٢٠ | ٨ | ٣,٥٦ | ٪٧١,٢ | ٣ |
| ٦ | لاوازی گرنگـی پێـدان بـە بەهـا کۆمەڵایەتیـی و ئاینیـی ونیشـتمانییەکان لـە ناوەڕۆکەکـەدا. | ٢٠٠ | ٢٨ | ٦٩ | ٢٠ | ٤٠ | ٢,٩٧ | ٪٥٩,٤ | ٦ |
| ٧ | نەبوونـی هاوسـەنگی لـە نێـوان بەشـەکانی پەرتووکەکـە (مێـژوو ، جوگرافیـا ، هاونیشـتمانیی) | ٢٥٠ | ١٢٠ | ١٥ | ٤٠ | ١٥ | ٣,٦٦ | ٪٧٣,٢ | ١ |
| ٨ | کـەم توانایـی ناوەڕۆکـی پەرتووکەکـە لـە تێرکـردنی پێویسـتییەکانی خوێنـدکار. | ١٧٥ | ٣٢ | ٦٦ | ٥٠ | ٣٠ | ٢,٩٤ | ٪٥٨,٨ | ٧ |
| ٩ | ئاڵـۆزی هەندێـک لـە ناوەڕۆکـە فێرکارییـەکان بـۆ تێگەیشـتنی خوێنـدکار. | ٨٥ | ٨٠ | ١٢٠ | ٦ | ٤٠ | ٢,٧٥ | ٪٥٥ | ٩ |
| ١٠ | بـە کـەم سـەیرکردنی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە لایـەن بەڕێوەبـەر و بەشـێک لـە دەسـتەی مامۆسـتیان. | ١٢٠ | ٢٥٢ | ١٨ | ٤٠ | ٧ | ٣,٦٤ | ٪٧٢,٨ | ٢ |
| | | | | | | | ٣,١٤ | ٪٦٢,٨ | |

بـە پێـی ئەنجامـی زانیارییـەکانی خشـتەی (٤-٢) سـەبارەت بـە کێشـەکانی مامۆسـتایانی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان تایبەت بـە تـەوەری کێشـەکانی نـاوەڕۆک، کـە پێکدێـت لـە (١٠) بڕگـە، ناوەنـدە شـیاوی هەندێـک لـە بڕگـەکان لـە سـەرووی ناوەنـدە ژمێـری سـتاندەر (٣) کـە ئەکەونـە نێـوان (٣,٦٦ – ٣,٢٥) وە کێشـی سـەدییەکەیان لـە نێـوان (٪٧٣ - ٪٦٥) وەک بڕگـەکانی (٢، ٣، ٥، ٧، ١٠) ئەمـەش بەواتـای هەبـوونی کێشـە دێـت لـەلای مامۆسـتایانی بابـەتی کۆمەڵایەتیـی لـە لایـەنی ناوەڕۆکـی بابەتەکـە وەک بـوونی هەڵـەی زانسـتیی و زمانەوانیـی و بەکـەم زانینیـی بابـەتی زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان وەک بابەتێکـی هەسـتیار و گرنـگ لـە خوێندنگەکانـدا و ناڕوونیـی هەندێـک لـە چەمـک و زاراوەکان، لەلایەکـی تـرەوە نەبـوونی هاوسـەنگی لـە نێـوان بەشـەکانی پەرتووکەکـە (مێـژوو، جوگرافیـا، هاونیشـتمانیی، جگـە لـە بڕگـەکانی (١، ٤، ٦، ٨، ٩) ناوەنـدە شـیاوەکەیان لـە خـوار ناوەنـدە ژمێـری (٣) ئەمیـش بەمانـای کەمـی کێشـەکانی مامۆسـتایان دێـت لـەو بوارانـەدا کـە ناوەنـدە شـیاوەکانیان لـە نێـوان (٢,٩٧-٢,٤٥) و کێـشی سـەدییان لـە نێـوان (٪٥٩,٤ - ٪٤٩).

خشتەی (٤-٣)

ئەنجامی تەوەری (کێشەی تایبەت بە هۆکار و ئامرازە فێرکارییەکان)بە پێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و ئاستەکانیان روون ئەکاتەوە:

| ژ | برگە | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەمی هۆکارەفێرکارییەکان لەبەردەست مامۆستای بابەتەکە. | ١٧٠ | ١٢٤ | ٢٧ | ١٢ | ٤٠ | ٣,١٠ | ٦٢٪ | ٣ |
| ٢ | خراپی و نەشیاویی ئەو هۆکارە فێرکارییانەی کە لەبەر دەستدان بۆ سەردەمی ئێستای خوێندکار. | - | ٢٨ | ١٩٥ | ١٦ | ٤٠ | ٢,٣٢ | ٤٦,٤٪ | ٤ |
| ٣ | خراپی و کۆنیی هەندێک لە هۆکارە فێرکارییەکان. | ٧٥ | ٤٠ | ٣٠ | ٩٠ | ٤٠ | ٢,٢٩ | ٤٥,٨٪ | ٥ |
| ٤ | نەبوونی تاقیگەی تایبەت بە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | ٦٠ | ٦٠ | ٣٦ | ١٢ | ٧٥ | ٢,٠٢ | ٤٠,٤٪ | ٦ |
| ٥ | کەمی فیلمی دۆکیۆمێنتاریی لەسەر ناوەڕۆکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | ٢٥٠ | ١٠٠ | ٧٥ | ١٦ | ١٢ | ٣,٧٧ | ٧٥,٤٪. | ١ |
| ٦ | نەبوونی وەرشەی چاکردنەوەی ئەو ئامێرو کەلوپەلانەی لەکارکەوتوون لە خوێندنگە. | ٢٢٥ | ١٠٠ | ٩٠ | ١٤ | ١٣ | ٣,٦٨ | ٧٣,٦٪ | ٢ |
| ٧ | کەم شارەزایی هەندێک لە مامۆستاکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکاریی. | ١٧٥ | ١٢٠ | ٢٤ | ١٤ | ٤٠ | ٣,١٠ | ٦٢٪ | ٣ |
| ٨ | کەم توانایی مامۆستایان لە درووستکردنی ئامراز و هۆکاری فێرکاریی. | ٢٥ | ٨٠ | ١٥ | ١٤٠ | ٢٠ | ٢,٣٣ | ٤٦,٦٪ | ٤ |
| تێکڕا | | | | | | | ٢,٨٢ | ٥٦٪ | |

بە پێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەی (٤-٣) تایبەت بە کێشەکانی مامۆستایان لە هۆکار و ئامرازە فێرکارییەکان کە خۆی لە (٨)برگەدا ئەنوێنێت، هەندێک لە برگەکان ناوەندە شیاوەکانییان لە سەرووی ناوەندە ژمێری (٣) وەک برگەکانی (١، ٥، ٦، ٧) کە ناوەندی شیاوەکانییان ئەکەوێتە نێوان (٣,٧٧ – ٣,١٠)و کێشی سەدییان ئەکەوێتە نێوان (٧٥,٤٪ - ٦٢٪) ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە مامۆستایان کێشەیان هەیە لە کاتی وانەوتنەوەدا لە بابەتی کۆمەڵایەتیی بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی لە کەمی هۆکارە فێرکارییە گونجاوەکان لەبەر دەستیان و کەمی فیلمی دۆکیومێنتاریی تایبەت بە بابەتەکانیان و نەبوونی وەرشەی چاککردنەوەی ئامێر و پێویستییە فێرکارییەکان، هەندێک لە برگەکانی تایبەت بە هۆکارە فێرکارییەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندە ژمێری (٣) ئەوەش مانای وایە گرفتێکی ئەووتۆنین و مامۆستایان وەک کێشەیەکی بەردەمییان سەیری ناکەن وەک برگەکانی (٢، ٣، ٤، ٨) ناوەندی شیاویان لە نێوان (٢,٣٣ – ٢,٠٢) کێشی سەدییان لە نێوان (٤٦,٦٪ - ٤٠,٤٪).

خشتەی (٤-٤)

ئەنجامی تەوەری (کێشەی تایبەت بە مامۆستایان)بە پێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و ئاستەکانیان روون ئەکاتەوە:

| ژ | بڕگە | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەدوادانەچوونی بەشێک لە مامۆستایان بۆ سەرچاوەی گرنگیی پەیوەست بە بابەتەکەی. | ١٦٠ | ٨٤ | ١٤١ | ٦ | ١٧ | ٣,٤٠ | ٪٦٨ | ٣ |
| ٢ | بێ ئاگایی مامۆستایان لەو گۆڕانکارییە نوێیانەی بەسەر بابەتەکەدا دێت. | ٦٥ | ٣٦ | ٣٦ | ١٣٦ | ١٨ | ٢,٤٢ | ٪٤٨,٤ | ٥ |
| ٣ | کەمی و کۆنی زانیاری پێویست لای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | - | ٢٠٠ | ٢٤ | ٤ | ٦٠ | ٢,٤٠ | ٪٤٨ | ٦ |
| ٤ | لاوازی خولیا و ئارەزووی هەندێک مامۆستا بۆ وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | ٢٩٠ | ٢٠ | ٣٦ | ٣٠ | ٣٠ | ٣,٣٨ | ٪٦٧,٦ | ٤ |
| ٥ | بایەخ پێنەدان و پشتگوێخستنی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ئیدارەی قوتابخانەوە. | ٣١٥ | ٢٠ | ٣٩ | ٢٤ | ٢٧ | ٣,٥٤ | ٪٧٠,٨ | ٢ |
| ٦ | فراوانی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و کەمی زانیارییەکانی مامۆستایان بەو زانستە. | ٣٥ | ١٢ | ١٧٤ | ٦٤ | ٢٠ | ٢,٥٤ | ٪٥٠,٨ | ٨ |
| ٧ | بەشێک لە مامۆستایان پسپۆری بابەتەکە نین و ناچار دەکرێن بە وتنەوەی | ٣١٠ | ٦٠ | ١٥ | ١٦ | ٣٠ | ٣,٥٩ | ٪٧١,٨ | ١ |
| ٨ | کەمی هاوکاریکردنی مامۆستایان لەلایەن بەڕێوەبەرکان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی. | ٦٥ | ٢٨ | ١٢٠ | ٢٠ | ٥٠ | ٢,٣٥ | ٪٤٧ | ٧ |
| | تێکرا | | | | | | ٢,٩٥ | ٪٥٩ | |

بە پێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەی (٤-٤) سەبارەت بە کێشەکانی تایبەت بە خودی مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتیی لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتیی کە خۆی لە (٨) بڕگەدا ئەنوێنێت، هەندێک لە بڕگەکان لە سەرووی ناوەندە ژمێری (٣) وەک بڕگەکانی (٤،١، ٥،٧) کە ناوەندەشیاوەکانیان ئەکەوێتە نێوان (٣٨,٣-٥٩,٣) و کێشی سەدییان ئەکەوێتە نێوان (٦,٦٧٪ - ٧١،٨٪) ئەمەش بەواتای ئەوەی مامۆستایان کێشە و گرفتییان هەیە لەوەی پسپۆڕی بابەتەکە نین و ناچار ئەکرێن بەوتنەوەی، بایەخپێنەدان و پشتگوێخستنییان لەلایەن کارگێری خوێندنگەکان، لاوازی خولیا و ئارەزووی بەشێک مامۆستا بۆ وتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات بڕگەکانی (٢،٣، ٦،٨) ناوەندە شیاوەکانیان نزمترە لە ناوەندە ژمێری (٣) کە ئەکەونە نێوان (٣٥,٢ – ٤٢،٢) وەکێشی سەدییان ئەکەوێتە نێوان (٤,٤٨٪ - ٤٧٪) ئەوەش بەمانای ئەوەدێت بەپێی وەڵامەکانی مامۆستایان گرفتییان نیە لەو روانەوە.

خشتەی (٤-٥)

ئەنجامی تەوەری (کێشەی تایبەت بە خوێندکاران) بە پێی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و ئاستەکانیان روون ئەکاتەوە:

| ژ | برگە | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆریی ژمارەی خوێندکاران لە هۆڵی وانەوتنەوە. | ١٥٠ | ١٦٠ | ٦٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٣,٤١ | ٪٦٨,٢ | ٢ |
| ٢ | هەستکردنی خوێندکار بە بێزاریی لەکاتی خوێندنی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | ١٠٥ | ٥٢ | ٣٠ | ١٤ | ٦٩ | ٢,٢٥ | ٪٦٥ | ٣ |
| ٣ | فەرامۆشکردنی ئەرکەکانیماڵەوە لەلایەن خوێندکارانەوە. | ٢١٠ | ٣٢ | ٢١ | ١٠ | ٥٨ | ٢,٧٥ | ٪٥٥ | ٦ |
| ٤ | لاوازیی ئاستی بەشداریکردنی خوێندکاران لە وانەی بابەتە کۆ مە ڵا یە تییە کا ن . | ٢٧٥ | ١٢ | ٣٠ | ٤ | ٥٠ | ٣,٠٩ | ٪٦١,٨ | ٤ |
| ٥ | کەمیی دەستکەوتی خوێندکار لە وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. | ١٦٥ | ٢٨ | ٣٦ | ١٦ | ٦٠ | ٢,٥٤ | ٪٥٠,٨ | ٧ |
| ٦ | کەمیی ماوە بۆ بەشداریکردنی خوێندکاران لە وانەکە. | ١٠ | ١٦٠ | ١٣٨ | ١٨ | ٢٣ | ٩٠.٢ | ٪٥٨ | ٥ |
| ٧ | ئاڵۆزیی هەندێک لەو چەمک و زاراوانەی بەکارهاتوون لە بابەتەکە لای خوێندکاران. | ٢٣٥ | ١٣٢ | - | ٢٦ | ٢٧ | ٣,٥٠ | ٪٧٠ | ١ |
| ٨ | کەمیی حەزوو ئارەزووی خوێندکاران بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد بەو وانانەی پراکتیکیان تێدایە. | ١٤٠ | ٤٠ | ٩ | ١٤ | ٧٢ | ٢,٢٩ | ٪٤٥.٨ | ٨ |
| | تێکرا | | | | | | ٢,٨٤ | ٪٥٩.٣٢ | |

بە پێی ئەنجامی زانیارییەکانی خشتەی (٤-٥) سەبارەت بە کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی بنەڕەتیی تایبەت بەو کێشانەی مامۆستایان رووبەڕوویان ئەبێتەوە لەگەڵ خوێندکارەکانـدا کە خۆی لە (٨) برگەدا ئەبینێتەوە، سیان لە برگەکان ناوەندە شیاوەکانییان لە سەرووی ناوەندە ژمێری (٣) وەک برگەکانی (١، ٤، ٧) ناوەندە شیاوەکانییان ئەکەوێتە نێوان (٥٠,٣ – ٣,٠٩) و کێشی سەدییان لە نێوان (٧٠٪ - ٦١,٨٪) ئەمەش بەواتای ئەوەدێت بە پێی وەڵامەکانی مامۆستایان گرفت و کێشەیان هەیە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار لەناو پۆلەکانیان و لاوازیی ئاستی بەشداریکردنی خوێندکارەکانیان لە وانەکانی بابەتی کۆمەڵایەتیی بەهۆی ناڕوونی و ئاڵۆزی و گرانیی هەندێک لە چەمک و زاراوەکانی ناو بابەتەکە، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە برگەکان ناوەندی شیاویان لە خوار ناوەندە ژمێری (٣) واتە لاوازن بە پێی وەڵامەکانی مامۆستایان لەو روانەوە گرفت و کێشەیەکی ئەوتۆ نین وەک برگەکانی (٢، ٣، ٥، ٦، ٨) کە ناوەندی شیاویان ئەکەوێتە نێوان (٢,٧٥ – ٢,٢٠) و کێشی سەدییەکانیان لە نێوان (٥٥٪ -٤٥.٨٪) واتا نزمترن لە ناوەندە ژمێری ستاندەر (٣) بۆیە پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

٢.ئەنجامی ئامانجی دووەم: کە دەقەکەی بریتییە لە»دەستنیشانکردنی رێگای چارەسەرکردن بۆ کێشەکانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی» توێژەر ئەنجامەکەی بەم شێوەیە

ئەخاتــەڕوو:

١. پێداچونەوە بە ناوەڕۆکی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بگونجێت لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەم.

٢. کەمکردنەوەی ژمارەی خوێندکار لەهەر پۆلێکدا.

٣. دابینکردنی ئامراز و هۆکاری فێرکاریی گونجاو پەیوەست بە ناوەڕۆکی بابەتەکان.

٤. بەشدارپێکردنی کۆمەڵگە لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکاریی.

٥. ئامادەکردنی مامۆستا بەشێوەی پەروەردەیی و پیشەیی لەسەر بنەمای پسپۆڕیی.

٦. پاڵپشتیکردنی مامۆستا بە (رێبەری مامۆستا) بەمەبەستی هاوکاریکردنییان لە رونکردنەوە و وتنەوەی بابەتەکان.

٧. دانانەوە و چالاککردنەوەی رۆڵی (رێنمایکاری پەروەردەیی) کە ئێستا لە ناوەندەکانی پەروەردەدا نەماوە.

٨. گرنگییدان بەگەشتی زانستیی و چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل تایبەت بەبابەتی وانەکە.

## ٣. دەرئەنجام:

توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. لاوازی مامەڵەکردنــی ئیــدارەی قوتابخانــە لەگــەڵ مامۆســتایانی بابــەتی کۆمەڵایەتیــی بەپێــی ئەنجامــەکان و رای نموونەکـە گەیشـتۆتە (٦٢.٨٪)، ئەمـەش بـۆ خـۆی ئاماژەیەکـی نەرێنییـە بـۆ جیـاوزی کـردن لـە نێـوان مامۆسـتایانی پسـپۆڕییە جیـاوازەکان و دروسـتکردنی دووبەرەکـی.

٢. بـێ بەهاکردنـی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان و سـووککردنی، بەجۆریـک (٨٣.٦٪) نموونـەی توێژینەوەکـە پێیـان وایـە کـە بابەتەکـە دەدرێتـە کەسـانی ناپسـپۆڕ بـۆ وتنـەوەی، ئەمـەش چەندیـن نیشـانەی پرسـیار هەڵدەگرێ.

٣. خــودی کتێبەکــە چەنــدان هەڵــەی زانســتیی و هونەریــی و زمانەوانیــی تێدایــە کــە رای (٦٧,٤٪) ی نموونەکەیــە، لەکاتێکـدا لەوەزارەتـی پـەروەردە بەڕێوەبەرایەتـی تایبـەت بـە پرۆگرامـەکان هەیـە و ئـەم ئەرکانـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

٤. نەبــوون یــان کەمــی هــۆکار و ئامــرازی فێــرکاری یەکێکــە لــەو گرفتانــەی مامۆســتایان بەدەســتییەوە دەناڵێنــن کــە ناتوانـن وەک پێویسـت پەیامەکانـی خۆیـان بگەیەنـن و ئـەم رێژەیـەش لای مامۆسـتایان گەیشـتۆتە(٧٥,٤٪)، لـە کاتێکدا دنیـای سـەردەم دنیـای تەکنەلۆجیـاو ئامێـری زیرەکـە.

٥. بـە تێکڕایـی(٧١,٨٪) نموونـەی توێژینەوەکـە رایـان وایـە کـە بەشـێک لـە مامۆسـتایان ناچـار کـراون وانەکـە بڵێنـەوە کـە خۆیـان پسـپۆڕی بابەتەکـە نیـن و ئارەزووشـیان لـە وتنـەوەی نییـە، ئەمـەش پێویسـتی بـە بەدوداچـوون هەیـە، لـە کاتێکـدا ژمـارەی پێویسـت لـە پسـپۆڕی بابەتەکـە بوونـی هەیـە لـە ناوەندەکانـی خوێندنـدا.

٦. ئــەوەی پەیوەنــدی بەخوێندکارانــەوە هەیــە(٦٥٪) نموونــەی توێژینەوەکــە پێیــان وایــە کــە خوێنــدکاران هەســت بــە بێــزای دەکــەن لــە کاتــی ئامادەبوونیــان لــە وانەکــەدا، ئەمــەش هۆکارەکــەی بــۆ زۆر لایەنــی وەک خراپــی پرۆگــرام، مامۆسـتا، ژینگـەی فێرکاریـی دەگەڕێتـەوە.

## ٤. راسپاردەکان:

توێژەر ئەم راسپاردانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئەخاتەڕوو:

١.پێــدا چوونــەوە بکرێــت لــە دارشــتن و ســەرلەنوێ دانانــەوەی ناوەڕۆکــی بابــەتی کۆمەڵایەتیــی لــە لایــەن لیژنــەی پســپۆڕ و مامۆســتایانی زانکــۆوە.

٢. گرنگـی پێـدانی بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان وەک هـەر بابەتێکـی تـری خوێنـدن کـە پەیوەنـدی راستەوخۆی هەیـە بـە ژیـانی تاکەکانـەوە، پێداچوونـە بـە لایـەنی زانسـتیی و زمانەوانیـی لەلایـەن لیژنـەی پسـپۆڕ و کارامـە.

٣.کردنـەوەی خولـی کارگێـڕی بـۆ بەڕێوەبەرانـی قوتابخانـەکان سـەبارەت بـە شـارەزاکردن و بەبەهـا تەماشـاکردنی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان و چارەسـەرکردنی کێشـەکان بەشـێوەیەکی گشـتی.

٤.کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستیان و شارەزاکردنییان بە ستراتیج و شێوازی نوێی وانەوەتنەوەی بابەتەکە.

٥.دابینکردنی کەرەستە و هۆکاری فێرکاریی گونجاو و پێویستییەکانی فێرکردن لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان.

٦.دابینکردنی پێداویستییە مادیی و مەعنەوییەکانی مامۆستا لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

٧.دانـان و دامەزرانـدنی مامۆسـتای پسـپۆڕ لـە لایـەن وەزارەتـەوە تاوەکـو حـەزو و بـاوەڕی بـە وتنـەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان هەبێـت دوور لـە پەراوێزخسـتنی.

٨. لایـەنی پەیوەندیـدار لـە وەزارەتی پـەروەردە هەوڵبـدات ژمـارەی خوێنـدکار لەنـاو پۆلەکانـدا کـەم بکاتـەوە بـۆ رێژەیەکـی سـتاندەر ئەویـش بـە درووسـتکردنی خوێندنگـە و هۆڵـی خوێنـدنی زیاتـر بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت باشـتر و چالاکانەتـر پرۆسـەکە بەڕێـوە ببرێـت.

### ٥.پێشنیازەکان:

توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانە ئەکات:

١. هۆکارەکانـی گۆڕانـکاری نەکـردن و چاکسـازیی نەکـردن لـە پرۆگرامـی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان لـە رووی (زانسـتیی، زمانەوانیـی،

هونەریی).

٢. بەگرنگـی سـەیرنەکردنیی پرۆگرامـی بابەتەکۆمەڵایەتییـەکان لـە لایـەن بەشـێک لـە بەرپرسـان و ئیـدارەی قوتابخانەکانــەوە.

٣. بێزاریی و لاوازیی هەستی بەرپرسیارێتیی خوێندکاران بەرامبەر ناوەڕۆکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١. احمد،سـامان حسـین، عـادل نوری(٢٠١٩):ئاراسـتەی مامۆسـتایانی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان دەربـارەی پسـپۆریەکانیان لـە قوتابخانـە بنەڕەتییەکانـدا، گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سـەلاحەدین،بەرگی ٢٣،ژ.(٣) سـاڵی ٢٠١٩.

٢. ئیبراهیـم، ئـالان جەمیـل (٢٠٠٧) هەڵسـەنگاندنا ئاسـتێ نواندنـا مامۆسـتایانی زمانـێ کـوردی دقوناغـا ناڤنجـی دگوتنـا بابەتێـن رێزمـان و ئـەدەبی دالـدوی فشـیانێن پێدڤیبۆگوتنـا وان، زانکۆیـا دهـوك، کولیـژا پـەروەردە (ماسـتەرنامەیبڵاونەکراوە).

٣. حەمەدەمیـن، قـادر رەمـەزان (٢٠١٤) رێگاوشـێوازە تیـۆری وپراکتیکیەکانـی وانـە وتنـەوە، چاپخانـەی رۆژهەڵات،چ١،هەولێـر.

٤. جگەرسـۆز، محمـد صاڵـح پیندرۆیـی (٢٠١٢) رۆڵـی خێـزان و قوتابخانـە لـە ریشەکێشـکردنی توندوتیژیـدا، چ١، چاپخانـەی رۆژهـەڵات.

٥. حسن، عبدالله (٢٠١٣) بنەماکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ، چ١ ، چاپخانەی گەنج.

٦. قـازی، شـاخەوان کریم،جـزا عبدالرحمـن شریـف، رێـزان صابـر علـی(٢٠١٢)، کێشـەکانی وانەوتنـەوەی بابـەتی کۆمەڵایـەتی لـە خوێندنگـە بنەڕەتییـەکانی ناوشـاری سـلێمانی وهەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی..

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


٧. ابراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٦) موسوعة التدريس، ج الخامس، دارالميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

٨. أبو عودة، محمد (٢٠٠٤) المشكلات والصعوبات التيتواجه مدير المدرسة الثانوية بمحافظة غزة، رسالة ماجستير، جامعة الإسلامية، غزة.

٩. الأفندي، آلاء (٢٠١٤) مشكلات ادارة الصف التي تواجه المعلمين في الحلقة الأولى للمرحلة التعليم الأساسي(رسالة ماجستير منشورة)، جامعة حلب.

١٠. الأفندي، اسماحيل محمد يوسف (٢٠١١) أنماط الضبط المدرسي السائدة في المدارس الثانوية في محافظة بيت لحم من وجهة نظر معلمي المدارس وطلبتها، قدم للمؤتمر التربوي الرابع الذي عقد في المجلة الاسلامية، غزة(٣٠-٢٠١١/١٠/٣١).

١١. بركات، زياد (٢٠٠٩) مظاهر السلوك السلبي لدى تلاميذ المرحلة الأساسية من وجهة نظر المعلمين واساليب مواجتهتهم لها، جامعة القدس المفتوحة.

١٢. البنعلي، غدنانة المقبل (٢٠٠٠) تحليل التفاعل بين المدرس وطلبته في المواد الفنية العملية،(رسالة ماجستير غير منشورة)جامعة بغداد.

١٣. البهرزي، علاء شاكر محمود (١٩٨٩) الصعوبات والمشكلات المهنية لمعلمات المواد الإجتماعية فى مراحل التعليم العام بدوله قطر، المجلة حولية كلية التربية، جامعة قطر، دوحة.

١٤. الترتوري، محمد عوض ومحمد فرحان القضاه (٢٠٠٦) المعلم الجيد (دليل المعلم فى الادارة الصفية الفعالة) دار الحامد للنشر والتوزيع، ط١، عمان.

١٥. جامل، عبد الرحمن عبد السلام(٢٠٠٠): أساسيات المناهج التعليمية)أساليب تطويرها)، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الأردن .

١٦. الجادري، عدنان حسين (٢٠٠٧) الإحصاء الوصفى العلوم التربوية، ط٢، دار المسيرة للنشر، عمان.

١٧. الجقندي، عبدالسلام عبدالله (٢٠٠٨) دليل المعلم العصرى فى التربية وطرق التدريس، دار القتيبة للطباعة و النشر، ط١، دمشق.

١٨. حراشة، ابرهيم «محمدعلى» (٢٠٠٧) المهارات القرائية وطرق تدريسها بين النظرية و الواقع، دار الخزامى، ط١، عمان.

١٩. حسين، سلامة عبدالعظيم و طه عبدالعظيم حسين (٢٠٠٧) استراتيجيات ادارة الصراع المدرسي، دار الفكر، ط١، عمان.

٢٠. حمد الله، نجيب فهد عبدالعزيز (٢٠٠٥) المشكلات التي تواجه معلم الصف في ادارة الصف في المدارس التابعة لوكالة الغوث في الأردن من وجهة نظر معلم الصف، رسالة ماجستير، الأردن.

٢١. الحيلة، محمد محمود (٢٠٠٧) مهارات التدريس الصفي، دارالميسرة للنشرو التوزيع، ط٢، عمان.

٢٢. خضر، الدكتور فخري رشيد (٢٠٠٦) طرائق تدريس الدراسات الاجتماعية، دارالمسيرة للنشرو التوزيع والطباعة، ط١، عمان.

٢٣. رمضاني، مصطفى (٢٠١٥) أثر التدريس بالكفاءات على مستوى التحصيل المعرفي في مادة اللغة العربية في مرحلة الطور التعليم الثانوي(دراسة ميدانية بثانوية ولاية بشار)، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علم النفس، جامعة أبي بكر بلقايد، تلسمان.

٢٤. الركيك، عبداللطيف (٢٠١٦) هل الإجتماعيات ماده مملة؟، (٢٠١٩/٤/١) https://www.hespress.com/

html.٣٣١٧١٣/writers

٢٥. الزيادات، محمد عواد و سوسن، شاكر (٢٠٠٨) الجودة في التعليم، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

٢٦. زيتون، عايش (٢٠٠٤) أساليب تدريس العلوم، دارالشروق للنشرو التوزيع، ط١، الاصدار الرابع، عمان.

٢٧. شفيق، محمد (٢٠٠١) : البحث العلمي والخطوات المنهجية لأعداد البحوث الأجتماعية،المكتبة الجامعية، الأسكندرية.

٢٨. صبري، عزام عبدالرحمن (٢٠٠٦) الإحصاء الوصفى وتعاملspss، دار الكتاب العالمي، عمان.

٢٩. عبد االقادر، ام سلمة عبداالقادر (٢٠٠٥)»اسباب قصور معلمي مرحلة الاساس في استخدام الاهداف السلوكية فى تخطيط دروسهم اليومية بولاية الخرطوم، رسالة ماجستير غيرمنشورة كلية التربية، جامعة النيلين، السودان.

٣٠. علام، صلاح الدين محمود(٢٠١١): القياس والتقويم التربوى في العملية التدريسية،ط٤.دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة،عمان.

٣١. عمومن رمضان، و معمري حمزة(٢٠١١): رؤية مستقبلية لإعداد المعلم في ضل التدريس بالكفايات، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والأجتماعية،م٣،ع٢،جامعة ورقلة.

٣٢. العفيفي،عاطف(٢٠٠٩): المعلم واستراتيجيات التعليم الحديث،طبع الأولى،دار الصحافة، الأردن.

٣٣. قطامي، يوسف وآخرون (٢٠٠٥) : نظريات التعلم والتعليم،ط١، الدار الفكر للنشر والتوزيع، الأردن

٣٤. القحطاني، سالم علي: (١٩٩٣)»بعض المشكلات التعليمية المتعلقة بمنهج المواد الإجتماعية في التعليم الثانوي بالمملكة العربية السعودية منطقة أبها التعليمية» المؤتمر العلمي الخامس نحو تعليم ثانوي أفضل، القاهرة، ٢-٥-أغسطس.

٣٥. كشرود، عمار الطيب (٢٠٠٧): البحث العلمي ومناهجه في العلوم الإجتماعية والسلوكية، دار المناهج للنشر، عمان.

٣٦. الكبيسي، عبدالواحد(٢٠٠٧): القياس والتقويم، دار الجرير للنشر، ط١،عمان.

٣٧. اللميع، فهد خليف(٢٠٠٤): المشكلات التي تواجه معلمي المرحلة الأبتدائية بدولة الكويت، المجلة التربوية، جامعة الكويت،المجلد ١٨/ع: ٧٠.

٣٨. محمد، محمد سامي (٢٠٠٥) مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار الميسرة للنشر والتوزيع، ط٣، الأردن.

٣٩. محمد، فرح هويدي (٢٠١١) دور مدير المدرسة تجاه النمو المهني للمعلم للمدارس الأساسية و الثانوية، جامعة عمر المختار. البيضاء.

## ملخص البحث

استهدف البحث الكشف عن مشكلات معلمى المواد الإجتماعيات في الحلقة الثالثة للمرحلة الأساسية من وجه نظرهم و مقترحات الحلول في مركز محافظة السليمانية للعام الدراسي(٢٠٢٠- ٢٠٢١).

تتكون حدود البحث من أربع مجالات الموضوعية وهي: المشكلات معلمى المواد الإجتماعية، و البشرية: معلمى المواد الإجتماعية في دائرة الثالثة للمرحلة الأساسية، والمكانية: مدارس الأساسية في مركر محافظة السليمانية.

وتم إتباع المنهج الوصفي المسحي بموجب طبيعة موضوع البحث و هدفه. يتألف عينة البحث يتألف من (١٢٠) معلم ومعلمة. (٤٥) مذكر و (٧٥) مؤنث. وتم اختيارهم بطريقة عشوائية بسيطة.

ولتحقيق هدف البحث و لغرض جمع المعلومات من أفراد عينة البحث، فقد تم إعداد إستبانة من قبل الباحث يتألف من (٥) مجالات رئيسية و (٤٠) فقرة. وتم عرضها على مجموعة من المختصين لمعرفة صدق الأداة،

وكانـت المقيـاس صادقـا بمعـدل (٨٥٪). أمـا معامـل الثبـات فكانـت بنسـبة (٠,٨١). و تـم اسـتخدام العديـد مـن الوسـائل الاحصائيـة منهـا معامـل الإرتبـاط بيرسـون، الوسـط المرجـح، الـوزن المئـوي. أضهـرت نتائـج البحـث كالآتي:

تعاني معلمي المواد الإجتماعية من المشكلات تتعلق بالمنهج.

قلة المواد والوسائل التعليمية في المدارس و داخل حجرة الصف.

إهمال معلمي المواد الإجتماعية من قبل الإدارة المدرسية.

كثرة عدد الطلاب داخل الصف الدراسي .

وعلى ضوء النتائج تم عرض بعض المقترحات و التوصيات.

وقد إستخدم الباحث مجموعة من الصادر والمراجع المفيدة، ذات العلاقة بموضوع البحث الحالي.

الكلمات الدالة: مشكلة المعلمين، المواد الإجتماعيات لتعليم الأساسي، معادلة كوبر ، معادلة بيرسون.

## Abstract

Problems of Social materials teachers in the ٣rd circle of the basic stage from the teachers' point of view and proposals for solutions

The goal of the research is to know the problem of the teachers of (social materials) within the ٣rd circle of the essential schools through the vision of these teachers. Researcher humanitarianly depended on the teachers of (social materials), and geographically benefited from the secondary schools in Sulaymaniyah city for year (٢٠٢١-٢٠٢٠). According to privacy and nature of the research and its goal is depended on the method of survey description. The research sample consists of (١٢٠) teachers; (٤٥) males and (٧٥) females. They´re randomly selected by the consideration the number of the teachers. Researcher despite the fact that they were benefited from previous researches and other resources, and he have established a mechanism (referendum form) for collecting information, encompassing (٥) fields divided to (٤٠) sections, to ensure that the mechanism is right and suitable; researcher distributed forms among variety number of experts and specialists of education and psychology fields. After forms are returned and filled (٨٥٪) granted honesty and confidence of the experts and specialists, then to extract the stability of the mechanism, they used the method to repeat exams, which granted (٠,٨١) degrees. Finally the method is applied on the origin sample; answers are analyses by using central statistic formula, percentage, and numbering. At the end of the research results are declared, proposals and recommendations are offered.

**Keywords: problems teachers,  Social subjects for basic education, Cooper equation , Pearson equation .**

پاشکۆی ژمارە (١)

لیستی ناوی شارەزایان

| ژ | ناوی پسپۆر | پلەی زانستیی | پسپۆری | شوێنی کار | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.جواد نعمت حسين | پرۆفیسۆر | رێگاکانی وانەوتنەوە | پەروەردەی هونەر | سلێمانی |
| ٢ | د.کریم شریف قەرەچەتانی | پرۆفیسۆر | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی |
| ٣ | د.نیظام الدين عبدالجبار | پرۆفیسۆر | رێگاکانی وانەوتنەوە | پەروەردەی هونەر | سلێمانی |
| ٤ | د.حسن فخرالدين خالد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئاماری پەروەردەیی | باخچەی ساوایان | سلێمانی |
| ٥ | د.نازەنین عوسمان محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونناسی پەروەردەیی | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی |
| ٦ | م.کوردستان محمد ئازاد | مامۆستا | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانستە کۆمەڵایەتیەکان | سلێمانی |
| ٧ | م.ژینۆ ئومێد صديق | م.یاریدەدەر | دەروونناسی | زانستیی کۆمپیوتەر | سلێمانی |